زانکۆی هەڵەبجە
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا
قۆناغی سێیەم

**بابەت:**

# ناوچە گەشتیارییەکانی دەربەندیخان

ئامادەکردنی:
محمدعبدالفتاح عبدالخالق

بەسەرپەرشتی:
م. ڕێباز لوقمان

# ناوەڕۆک:

١:- ناساندنی شارۆچکەکە
٢:-بەنداوی دەربەندیخان و ناوچەی شەمێران
٣:- سەرتەکی بەمۆ
٤:- تونی بابا
٥:- ئەشکەوتی کونەبا
٦:- گوندی ژاڵەناو
٧:- خزمەتگوزارییەکانی گوندەکە
٧:- کێشەکانی ئەم ناوچە گەشتیاریانە
٨:- سەرچاوەکان

# ناساندنی شارۆچکەکە:


شارۆچکەیەکە کەوتووەتە باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، کە چەند شوێنێکی گەشتیاری تێدایە وەک:

# بەنداوی دەربەندیخان و ناوچەی شەمێران:

بەنداوی دەربەندیخان و ناوچەی شەمێران یەکێکە لە ناوچە گەشت و گوزارییەکانی ئەم شارە کە گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێدەکات. ئەم بەنداوە دەکەوێتە سەر زێی سیروان کە هەروەها بۆ بەدەست هێنانی وزەی کارەباش بەکاردێت، لە ناو دەریاچەی دەربەندیخاندا نیمچە دوورگەیەکی مام ناوەندی تێدایە پێی دەوترێت بانی قۆین کە ئاوی بەنداوەکە سێ لای دەورە دراوە، لەبەر زۆری ژمارەی گەشتیاران، قەرباڵغترین شوێنی گەشتیاری دەربەندیخانە.






BY
SHORSH
SAYD


Barzan tofiq

# سەرتەکی بەمۆ:

سەرتەکی بەمۆ به دووری ۱۹کم دەکەوێته باشووری ڕۆژهەڵاتی شارەکەوه ساڵانه گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێدەکەن ، کەچەندین کەپرو باخی تێدایه بۆ گەشتیاران هەروەها ئەم ناوچەیه به جۆرەها میوه بەناوبانگه بەتایبەت هەنجیر.







# تونی بابا:

به دووری ٨ کم دەکەوێتە باشووری شارەکەوە ناوچەیەکی ئەفسوناویە سەرگوزەشتە و بەسەرهاتی زۆری لەسەر گێڕدراوەتەوەو لە زیاتر ١٠٠ دەرگای پێچاو پێچ و ئاڵۆزی هەیەو بە یەکێک لەناوچە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی باشووری کوردستان دادەنرێت.


KURDISTAN24.NET




# ئەشکەوتی کونەبا:

بە دووری ٥ کم دەکەوێتە ڕۆژئاوای شارەکە لە بناری شاخی گوڵان یەکێکە لە دەگمەنترین ئەشکەوتەکانی باشووری کوردستان هەرچەندە ساڵانە گرووپی گەشتیاری سەردانی دەکەن بەڵام تا ئێستا هیچ کەس و گرووپێک نەیتوانیووە بگات بە کۆتایی ئەشکەوتەکە، ئەشکەوتەکە بریتییە لە تەنها ڕێگایەک و دوواتر دابەش بووە بۆ دوو ڕێگا بە ئاراستەی باکوورو باشوور و ڕێگەی باکوور درێژییەکەی زیاترە و بریتییە لە چەند ڕێگایەکی دابەش بوو

ئەم ئەشکەوتە پێکهاتەیەکی سرووشتییە و پێکهاتەی ناوەوەی بەرد و قسڵ و
کلس و خۆڵە لە ئەنجامی بوونی ڕادەی بەرزی شێ و ئاو پێکهاتەیەکی بەردی
کلسینی ڕوپۆش جۆری ئەسکەلەتایت و مەگناتایت ڕووپۆشی ناوەوەی
ئەشکەوتەکەی کردووە بە چینێکی میتالیکی ، هەروەها بەردە کلسینەکان
کۆمەڵێکی ڕەنگاوڕەنگی جیاواز بە یەکن بەپێی دابەشبووی جۆری ڕەنگی
خۆڵەکان.




SHAREZWRI



# گوندی ژاڵەناو:

گوندێکە دەکەوێتە سەر ڕووباری سیروان بە دوری ٣ کم لە شارەکەوە ناوچەیەکی گەشتیارییە، لە ساڵی 2020 ەوە پڕۆژەی سەرمایەگوزاری گەشتیاری ئۆتێل و کەپر و چەند بابەتێکی تری تێدا دروستکراوە، ئێستا گەشتیاران لە هەر چوار وەرز دەتوانن گەشت و سەیرانی تێدا ئەنجام بدەن.

# خزمەتگوزارییەکانی ئەم گوندە:

بونی ڕێگاوبانی باش هەروەها کارەبای بەردەوام، چەندین کەپری خێزانی و گەورەو هەروەها هەر کەپرێک چیمەنێکی تایبەت بەخۆی هەیەو فوارەی تایبەت بە چیمەنەکان، بوونی خانوی گەورە بۆ خێزان و خانوی بچوک تایبەت بە گەنج.

# کێشەکانی ئەم ناوچە گەشتیاریانە:

زۆربەی ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان بێ کەموکوڕی نین، ئەم ناوچانەش وەک هەریەک لەوانە کەمو کوڕی هەیە، سەرتەکی بەمۆ تا ڕادەیەک کێشەی خزمەتگوزاری ڕێگاوبانی هەیەو هەروەها نەبونی ئوتێل یاخود شوێنی مانەوە، بەڵام بەشێک لەگەشتیاران کەپرەکان بەکاردەهێنن بۆ شەو مانەوە، هەروەها ناوچەی شەمێرانیش بەهەمان شێوە کێشەی نەبونی شوێنی مانەوەی هەیە.

# چارەسەرەکان:

باشترکردنی ڕێگاوبانی ئەم ناوچە گەشتیارییانە لەلایەن حوکمەتەوەو هەروەها دابینکردنی شوێنی مانەوە لەلایەن حوکمەتەوە یاخود خاوەن سەرمایەکانی ناوچەکە بۆ زیاتر خزمەتکردنی گەشتیاران.



# ئامانجی ئەم سیمینارە:

ئامانجی ئەم سیمینارە پیشاندانی ناوچە گەشتیارییەکانی دەربەندیخانە بە ئێوەی بەڕێز ، بۆ ئەوەی چەند زانیارییەکی کەمیش بێت بیزانن دەربارەی ئەم ناوچانە وەک هەر ناوچەیەکی تری گەشتیاری هەرێمی کوردستان.

# سەرچاوەکان:


Kurdistan Regional Government. KRG.

د. عەبدوڵڵا غەفوور. پێرستی گوندەکانی باشوور (کوردی). ^

^http://kurdipedia.org/?q=20150921014425127062&lng=3 ^ ئ !

^ http://wikimapia.org/

^ http://www.krso.net/ ئەرشیف، وەیبەک مەشین لە ٢٠٢٠ ی شوباتی ٣ کراوە.

# سوپاس بۆ گوێگرتنتان.